سودانی و زەدان جەختیانکردەوە لە گرنگی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری

ئەمە شەممە"محە ممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیرانی،جەختی لەسەر گرینگی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا کە ووتی:- ئەوارەی ئەمە شەممە" محەمەد شیاع سودانی" سەرۆك وەزیران لەگەڵ "فایق زەدان" سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،باسیان لە بارودۆخی گشتی وڵات کرد و گفتوگۆیانکرد لەسەر دیارترین ڕووشوێنکانی پێویست بە بەرێنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و گرنگی هەماهەنگی لە بەرێنگاربوونەوەی تاوان بە هەموو جۆرەکانییەوە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لەسەر گرنگی پتەوکردنی هاریکاری و یەکخستنی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری، بە ئامانجی چەسپاندنی سەروەری یاسا و پتەوکردنی ڕێکارە دادوەرییەکان، کە ببێتە هۆی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵاتدا و بەرزکردنەوەی ئاستی دەسەڵاتی لێهاتووی دادوەری و تەواوکردنی ئامانج و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت کە ئەولەویەتدانە بە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و کەمکردنەوەی یەتی